وتووێژی ئۆریانا فالاچی لەگەڵ لێخ واڵسا:

# سیستمێکمان دەوێت خواردن و ئازادی پێکەوە گرێ بدات

لە فارسییەوە: مستەفا زاهیدی

IDEA DEPLOMATIC

لەحاڵێکدا «بێرژنۆف» خۆی بۆ دەستپێکردنی (36)مین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤییەت ئامادەدەکرد، جەختی لەوە کردەوە لە پۆڵەندا دوژمنانی سۆسیالیزم خەریکی پیلانگێڕین دژ بە شۆڕش، ئەوان مەترسییەکی گەورەن بۆ سەر دەوڵەت، کۆمۆنیستەکانی پۆڵەندا دەتوانن پشتیان بە هاوکاری دۆستانی کۆمۆنیستی خۆیان گەرم بێت. یەکێتی سۆڤییەت هیچکات پۆڵەندای سۆسیالیست بە تەنها ناهێڵێت.

هەر ئەوکات «لێخ واڵسا» وتی: »ئێمە دژی دەوڵەتی JAROZELSKI نین، دەمانەوێت بێڵین کارەکانی بکات. ئەگەر سەرکەوتو نەبوو یان دەست لەکار بکێشێتەوە یان ئەوەیە شکست بخوات، کەوابوو «سۆلیدارنۆش» دەبێ دەسەڵات بگرێتە دەست و دەبێ من وەک کەسی یەکەم دەسەڵات بگرمە دەست.»

رۆژی دواتر واتێگەیشتم لە بابەتەکە باش تێنەگەیشتووم، هەربۆیە بۆ جەخت کردنەوە لە سەر رستەکانی سەرەوە ویستم دوبارە بیبینم، واڵسا جارێکتر جەختی لەسەر قسەکانی کردەوەو وتی ئەم شتە ئەگەرێکی خەیاڵی نییە، بەڵکو وەک ئەگەرێکی بەهێز چاوی لێدەکرێت، یان باشتروایە بوترێت لەو حاڵەتەدا هیچ رێگا چارەیەکیتر نییە، ئەمەش سەرەتای گفت و گۆیەک بوو کە رێبەری



لێخ واڵسا

سۆلیدارنۆش هیچکات بە شێوەی سروشتی رەتی نەکردبوویەوە.

مەترسی دەستتێوەردانی یەکێتی سۆڤییەت.

ئەمەیە پوختەی ئەو شتەی من لە دوو وتووێژی دور و درێژمدا هەرکامیان بۆ ماوەی سێ کاتژمێر لە شاری دانزیکی پۆڵەندا ئەنجامم دا.

• **لێخ! لە نێوان ئێوە(سۆلیدارنۆش) و دەوڵەت، ئاگربڕێکی سێ مانگە راگەیەندراوە، بەڵام هەموو ئاگربڕەکان بە سولح و ئاشتی کۆتایی نایەت، پرسیاری خەڵک ئەوەیە دواتر چی دەبێت؟**

– بەرلەهەر شتێک ئەوەت پێ بڵێم ئێمە ئەندامانی سۆلیدارنۆش هیچکات ئاگربڕمان واژۆ نەکردوە، تەنها وتومانە دژ بە دەوڵەتی نوێ ناوەستینەوە. پۆڵەندا پێویستی بە دەوڵەتێکی بەهێز هەیە، واتە دەوڵەتێک کە بەڕاستی دەسەڵاتداریێتی بکات و «یارۆزلێسکی» دەتوانێت ئەمکارە بکات. لەبەرئەوەی کەسێکی سەربازی و ژەنراڵە. کەوایە بەشێکی لە تایبەتمەندی ئەو کە فەرمان بدات و رێز لە خۆی بگرێت، تەنانەت ئەگەر پێویست بێت پەنا بۆ ئەرتەشێک دەبات. جگەلەمە لەبەرئەوەی کەسی سەربازی خۆی لە خۆیدا کەسێکی یاسامەند و بەپرەنسیپە، لەبەرئەمە ئەو دەبێ کەسێکی باش بێت و رابردویەکی باشی هەبێت، کە هەیەتی، ئەو دەبێت بتوانێت کەسانی خراپ لەم وڵاتە بکاتە دەرەوە. کەوایە با ئیزن بدەین کارەکانی بکات، بەڵام ئەگەر ئەو دوژمنایەتی ئێمە بکات، ئێمە دژی دەوەستینەوە، ئیتر لەم دۆخە ماندو بووین و دەبێ گۆڕانێک روو بدات هەرچەند رەنگە کەسانێک زۆر رازی نەبن.

• **مەبەستت لە «کەسانێک» روسەکانن، ئەگەر بە هەموو هەوڵی ئێوەو هەوڵی ئەو، ئەم دەوڵەتە بڕوخێت چی؟**

– ئەگەر یازۆلێسکی بڕوخێت و برایانمان یارمەتی نەدەن، ئەگەر لەڕوخانیدا هاوپەیمانەکان بێدەنگ بن و هیچ نەکەن، کەوایە سۆلیدارنۆش دەبێ دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەمە رەنگە ئەگەری کەم بێت. بەشێوەیەک کە خەیاڵی دیار بێت، بەڵام هەرچەندە وەک ئەگەرێک هەر بوونی هەیە. دەبێ ئەوەش بزانن من و سۆلیدارنۆش نامانەوێت دەسەڵات بگرینە دەست. تەنها دەمانەوێت حکومەتێک بە دەسەڵات بگات کە تێیدا خەڵک ژیانێکی باشتر و ئاسودەتریان هەبێت و رازی بن. ئێمە دەمانەوێت چاودێر بین، نەک دەسەڵاتدار. دوبارە دەیڵێمەوە نامانەوێت دەست بخەینە ناو کاروباری سیاسییەوە، بەڵام ئەگەر رێگا چارەیەکیترمان لەبەردەمدا نەبێت دێنینە پانتای سیاسەتیشەوە.

ئەگەر بەو قۆناغە گەیشتین کە دەوڵەت بڵێت «ئێرە جەنگەڵە، حکومەت ناتوانێت بەردەوام بێت، ئێمە واز دێنین». ئەو کات بەرپرسایەتی دەوڵەت دەگرینە ئەستۆ و منیش یەکەم کەس دەبم دەسەڵات دەگرمە دەست. بەدڵنیاییەوە ئەمە دەڵێم هەروەها لاشموایە پۆڵەندای دوای ئۆگۆست(هاوین)ی 1980 هیچکات وەک پۆڵەندای پێشتر نابێت. هیچکات!

• **ببورە لێخ! دەمەوێت دڵنیا بم، بۆ ئەوەی تەنانەت نەخوازراو خراپەم دەرهەقتان نەکردبێت. وتت ئەگەر ئەم حکومەتە بڕوخێت سۆلیدارنۆش دەسەڵات دەگرێتە دەست؟**

– بەڵێ وام گوت

• **کە وایە بەگاڵتەت نەبوو...** پێموایە توانای ئەم کارەتان هەیە؟

– بەڵێ پێموایە.

• **پێموایە حیزبی کۆمۆنیستی دەسەڵاتێکی کۆمۆنیستی حازر دەبێت ئەم کارە بکات و ملکەچ بێت؟**

– دوێنێ لە «وارشۆ» کەسێکی پلە بەرزی دەوڵەتی، یەکێک لەوانەی کە زۆر لیبراڵە بە توندی پێیوتم:» بە هیچ شێوەیەک رازی نابین، کە دەسەڵات دابەش بکەین یان تەسلیمی کەسانیتر بین».

ئەگەر یارزۆلێسکی بڕوخێت چ ئەڵتەرناتیڤێکیتر هەیە؟ ئەمڕۆ وا دەڵێن، دواتر دەبینین چی روودەدت. ئیمپراتۆرییە گەورەکانیش لە مێژووی مرۆڤایەتییدا رووخاون.

• **سەرەنجامی هاوکاری کردن لەگەڵ «هاوپەیمانەکان» یان باشتر بڵێم روسەکان بە کوێ دەگات؟ چۆن دەتوانیت ئەوەندە گەش بین بیت کە روسەکان بێڵن ئێوە دەسەڵات بگرنە دەست یا لە ژێر ناوی «یارمەتی دانی ئێوە» دەست نەخەنە کاروباری سیاسی پۆڵەنداوە؟**

– ئەمە ئەو شتەیە کە زۆر گرنگە، خاڵی جێی سەرنج ئەمەیە. هەربۆیە باسم لە ئەگەرێک کرد کە باوەڕم پێی نییە. باسم لە ئەگەرێکی خەیاڵی کرد.

• **لێخ! خەیاڵیتر لە دەستتێوەردانی روسەکان! ئێستا کاتی ئەوەیە زۆر بە روونی قسە بکەین. کۆمەڵێک شت هەیە ئێوە پۆڵەندایییەکان هیچکات باسی ناکەن. یان ئەگەر قسەیەک هەیە بە روونی باسی ناکەن. وەک ئەوەی بێدەنگە کردن شتێکی پۆزەتیڤی تێدا بێت. ئەگەر دەستتێوەردانی روسەکان! ئەمە لەحاڵێکدا بێرژنێڤ باسی لێوە دەکات، «پراودا» و «ئیزۆستیا» و تەنانەت «کانیا»ش بە شێوەی ئاشکرا باسی لێوە دەکەن.**

– ئاای...ئاای...ئاای! مەگەر چەنە خەڵک دەنگیان بۆ ترساندن بەرز دەکەنەوە؟ مەگەر ئێمە نەیارەکانیش ئەمکارە ناکەین؟ من لام وانییە رووبەڕوو بوونەوەی توندو کێشەکە چارەسەر دەکات. لاموایە ئەوانیش ئەم شتە دەزانن. بەم شێوەیە وەها رووبەڕوو بوونەوەیەک روو نادات...

گوێ گرە، ماوەیەک لەوە پێش کەسێک پێی وتم:» ئەگەر هەموو شت لێرە، لەپۆڵەنداوە دەستی پێدەکرد، هەموو شتێک یان لانیکەم هەموو شت بەدەست دەهێنا و دەواتر کوت و پڕ بە یەکەجاری هەموو شتمان لە دەست ئەدا.» من بەشێک لە پێش بینییەکانم قبوڵ نییە، بەڵام دانیشی پێدا دەنێم وەها ئەگەرێک بوونی هەیە. ئێستاکە وەها ئەگەرێک بوونی هەیە وەڵامی ئێمە ئەوەیە نامانەوێت وەها بەهایەکی گران یدەین. لەبەرئەوەی نامانەوێت بەهایەکی وەها گران بدەین، من

بە جیدیەتەوە دژ بەو کەسانە دەوەستمەوە کە دەیانەوێت ئەو رەوتــی مامناوەند بوونەی سۆلیدارنۆش بگۆڕن.

لە وەستانەوەم دژ بە رووناکبیران و وەرزێـرەکـان کـە لـەخـۆڕا بەشێوەی مەترسیدار مان دەگرن، باس لەوە دەکەم سەبر بکەن و سەبر کردنی سیاسی پێشنیار دەکەم. لەگەڵ تۆش زۆر بە پارێزەوە قسە دەکەم.

- **لاتوایە ئەو قسانەی ئێمە پێکەوە دەیکەین بـەلای بێرژنێڤەوە گرنگ بێت؟ قسە کردن گرنگ نییە، بەڵام هەڵسوکەوت گرنگە! ئەو کاتەی کە کاتیا یارۆزلێسکی ناچار بوو بکەوێتە گفت و گۆ لەگەڵتان، ئەو کاتە چەند جار تانکی روسییت لە پۆڵەندا بینیوە؟ لە ئاگۆست بەدواوە چەند جار تانکی روسی هاتوونەتە ئێرە؟**

- **ئەمە چ پەیوەندییەکی بەیەکەوە هەیە؟ چ گرنگییەکی هەیە؟ لە چیکوسیلڤاکیا نزیک هەشت مانگ چاوەڕوان بوون.**

– گرنگە لەبەر ئـەوەی ئەو رێگا چارەیە هیچکات لە پۆڵەندا بەڕێوە نەچووە. لانیکەم چوارمانگ لێرە لە دۆخێکی خراپدا بووین. ساڵی 1956، 1968، 1970، 1976، ئێمە توانیمان کێشەکان بەبێ تانکەکانی روسیا چارەسەر بکەین و بەسەر کێشەکاندا زاڵ بین. ئەمجارەش هەروا دەبێت. پۆڵەندا چێکوسیلڤاکیا نییە.

- **تەنانەت هەنگاریاش نییە، بـەڵام لە هەنگاریاش تانکەکانی روسی هاتنە ناوەوە. ئەفغانستانیش نییە بەڵام ئەفغانستان لە لایەن روسەکانەوە داگیر کرا. لێخ. گریمان شتەکان بەو شێوە بوو کە تۆ دەیڵێیت. بەڵام ئەوە راستە یان نا کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەکانی حیزب، تۆ و سۆلیدارنۆش بەوە تاوانبار دەکەن کە دەتانەوێت بەجێگای ئەوەی وەک سەندیکا کار بکەن چالاکی سیاسی بکەن. ئێوەیان بەوە تاوانبار کردوە، کە دەتانەوێت وڵات بـەرەو بشێوی بـەرن و ئەم کارەتان بە هێنانەبەر باسی نەمانی سانسۆر و ئازادی زیندانییە سیاسییەکان جێبەجێ دەکەن. ئەم قسانە راستە؟**

وەك خۆم هەر
لە ئێستاوە بۆ
مەرگ ئامادەم و
لەهەمانکاتدا خۆشم
دەپارێزم بەوەی کە
نەمرم. من نازانم
خەڵك بکوژم.
تەنانەت ناشتوانم
مریشکێك بکوژم
بۆ سوپ

– راست بێت یان نا، ئەمە خواستی خوێندکارانی پۆڵەندایی بوو کە بەدەستیان هێنا، تەنانەت ئەگەر لەسەر کاغەزیس بێت! ناچار کردنی ئەوەی کە دەبێت زمانی روسی لە زانکۆکان بخوێنرێت و ناچار کردنی خوێندکاران بە خوێندنی مارکسیسم لە زانکۆ نەماوە.

- **ئەمە راستە یان نا بـەوەی کە ئـەگـەر بڕیـارەکـان جێبەجێ نەکرێن و گرنگی نەدرێت بە مانگرتنی خوێندکاران، کرێکارانی سۆلیدارنۆش بۆ پشتیوانی کردنی خوێندکاران دەست دەدەنە مانگرتن؟**

– راستە. سۆلیدارنۆش خواستی خوێندکاران بە خواستێکی رەوا دەزانێت و تا دوایـن سات پشتیوانیان لێدەکات. ئێمە لـەگـەڵـیـانـیـن. مـن لەگەڵیانم. تەنها هۆکارێک کە لەکاتی مانگرتنی خوێندکارەکاندا لە زانکۆیLODZ نەبووم ئەوە بوو کە دەبووا هەر ئەو کاتە لەگەڵ وەرزێـرەکـانـی RZEZOWبـــم. کێشەی وەرزێرەکان قووڵتر و گرنگتربوو. پەنجا و سێ رۆژبوو ئەم چیرۆکە دەستی پێکردبوو، ئەوان ئەو شوێنانەیان داگیر کردبوو، بەڵام لە زانکۆی LODZبـــەردەوام هاوکارانی بەئەزمون و دڵسۆزم بەشداریان دەکرد و لەوێ بوون. هەر دوو سەعات جارێک پەیوەندییان پێوە دەگرتم و بۆ ئاگاداربوون لەبارودۆخەکە لەگەڵ هاوکارەکانم راوێژ و گفتوگۆمان دەکـرد. لەڕاستییدا ئەوە من بووم دیـداری خوێندکاران و سەرۆک وەزیرانRAKOWSKIم رێکخست.

- **زۆر باشە، پێموایە روسەکان چ پەرچەکردارێکیان دەبێت بەرامبەر بەم نژایەتی کردنەی خوێندکاران بۆ خوێندنی زمان و ئایدۆلۆژیاکەیان؟ تا چەند ئەم وەستانەوەیە لای ئەوان هیچ جەزایەکی نابێت و بێدەنگ دەبن؟**

– نـا، نـا، نـا، تـۆ چـاوەڕوانـی چی لەئێمە دەکەیت؟ پشتیان بەردەین؟ راوەستین؟ پاشەکشە کەین و داوای لێبوردن بکەین لە هەڵسوکەوتمان و رەفتارمان و بڵێین ئەوە تەنها شۆخییەک بووەو بەس و ئیتر دوبارە نابێتەوە؟ چمان پێدەکرێت جگە لەی کە دەبێت درێژە بدەین بەم رێگایەی گرتومانەتە بەر، ئەگەر بەپارێزیشەوە بێت پیاوانە راوەستین؟ دوبارەی دەکەمەوە نامەوێت ئەم شتە ئەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە، بـەڵام ئەگەر پێویست بێت توندوتیژی روو بدات و بەهایەکی گرانبدەم کـەس ناتوانێت بڵێت ترسنۆکم. وەک خۆم هەر لە ئێستاوە بۆ مەرگ ئامادەم و لەهەمانکاتدا خۆشم دەپارێزم بەوەی کە نەمرم. من نازانم خەڵک بکوژم. تەنانەت ناشتوانم مریشکێک بکوژم بۆ سوپ. تەنانەت بە بینینی ئەو شتە تێک دەچم، بەڵام ئەگەر بۆ بەرگری لە وڵاتم، خانوم، منداڵەکان و هاوڕێیانی کرێکارم ناچار بم ئەم رێگایە هەڵبژێرم ئەسڵەن دوودڵ نابم. ئەی هاوار، بۆچی وام لێدەکەیت ئەم قسانە بڵێم، سەرم پێی دێتە ئێش، ئێستاش سەرم دێشێت.

- **مـنـیـش سـەرم هـاتـە ئێش، گوێزرایەوە بۆ منیش، بەمەرجێک حۆڕاگر بین دوایـن پرسیارە قورسەکان دەپرسم، بەڕاست پێویست دەکات تانکە روسییەکان**

**بێنە مەیدان؟ تانکەکانی پۆڵەندا بەس نین؟**

– نا، نا، نا، بەهێچ شێوەیەک بۆ یەک ساتیش بێت نامەوێت بیر لەو شتانە بکەمەوە من نامەوێت بیر لەوە بکەمەوە راهیبەکانی ئێمە نەتوانن رێگایەکی ئاشتییانە بدۆزنەوە، نامەوێت بیرلەوە بکەمەوە رۆژێک سەربازەکانی ئێمە کرێکارانی ئێمە بکوژن! هەموو شتێک بێ ئازار و توندوتیژیی، بەشێوەیەکی عاقڵانە بۆ دوو لایەن چارەسەر دەکەین! بۆ ئێتر ئەوەندە قسەی ناشیرین دەکەیت؟

- **لەبەرئەوەی دوێنی لە وارشۆ ئەو پلەدار ئەرتەشییە پێیوتم»ئەرتەشی پۆڵەندا هەزار لە سەد وەفادارە بە حیزبەوە«.**

– ئەمە تەنها خاڵێکە کە هیچ وەڵامێکم نییە بۆی. لەمماڵەدا مایکرۆفۆنی زۆریان داناوەو لە ساڵی( 1972)ەوە گوێ لە قسەکانی من دەگرن. خوا ئەزانێت چەند کەس ئێستە بەو ئامرازە نەفرەتییەی خۆیان گوێمان لێدەگرن. لەماڵەکەی پێشترم بینیم کە هەڵیان گرت و دوای ئەوەی خانوەکەم هێنا ئێمە لێرە دایان مەرزاند.

**بەشی دووەی دیدارەکە**

یەکشەممە، دوای نیوەڕۆ، شاری ساردی دانزیک بەفر پۆشە و خەمی گەورەی لێ نیشتووە. لێخ والّسا تازە گەڕاوەتەوە بۆ ئەم شارە. لە باشوری پۆڵەنداوە دوای مانەوەیەکی دژوار و ناخۆش هاتووە بۆ ئێرە. لەوێ والّسا وەک پۆلیسێکی ئاگر کوژێنەوە رۆشتبوو بۆ ئەوەی ئاگرکەوتنەوەی BLESKOBILA و RZERZOW، واتە مانگرتنی کرێکاران و وەرزێرەکان دامرکێنێتەوە کە بێ ئاگا لە مەترسی دەستێوەردانی روسەکان دەستیان دابووە مانگرتن. لە ژوورەکانی تەنیشت هۆڵێک کە لەوێدا پێشوازیم لێدەکات شەش منداڵەکەی دەگرین، هاوار دەکەن و ژنەکەی بەدەنگی بەرز پێی دەڵێت:»ئیتر بەسە!«.

لێخ والّسا بەهۆی ماندوویی و شەکەتی و بێ خەوییەوە خەریکە بەلادا دێت. باوەڕی بەم ژنە بێگانەیە نییە، کە وایە بەشەڕ دەست پێدەکات. کە باسەکە بە لێک تێگەشتن و رێزەوە دەڕواتە پێش رۆژی دواتر دەبین بە دوو هاوڕێ:» زۆر سپاس، ئەگەر بڕۆمە بەهەشت، لەوێ جێت بۆ دەگرم!«

تۆزێک سەبرکە بەرلەوەی دەست پێبکەین دەبێت چەند خاڵێک روون بێتەوە، دەبێ بزانیت من دیپلۆمات، کەسێکی پلەبەرز یان تەنانەت رۆشنبیریش نیم. من کرێکارێکم و هیچکاتیش کتێبێکم نەخوێندوەتەوە. پیاوێکم دەمەوێت بە ئامانجم بگەم و هەندێ شت بەلامەوە گرنگ نییە. بەلای منەوە کتێبەکان، گفتوگۆگان، وتووێژ لەگەڵ تۆ، خەڵاتی نۆبڵ و تەنانەت تۆش هیچ گرنگ نین.

رقم لێتان نییە، نە رقم لە ژەنڕاڵ و سەرۆک وەزیرەکان و نە ئەوەیە رقم لە تۆش بێت، دەتوانم بە مشت بدەم بەسەر مێزی وەزیرێکدا، بێ ماڵئاوایی کردن ژەنڕاڵێک چاوەڕوان بێڵمەوە. بەڵام دەربارەی تۆ پرسیاری یەکەم من دەپرسم. بەم وتووێژە چی لەدەست دەدەم؟ بۆچی چاوم لێدەکەیت؟ چاو لە چی دەکەیت؟

- **چاوت لێدەکەم لەبەر ئەوەی لە ستالین دەچیت. تا ئێستا کەس ئەمەی پێوتوی؟ هەڵبەت مەبەستم دەم و چاوتە. بەڵێ، بەڵێ، لوتتان، لە تەنیشتەوە، هێڵەکانی دەم و چاوت، سمێڵی گەورە، هەمووی وەک ئەو دەچێت و باڵاشت بەقەد ئەوە، تەنانەت لامولیە جسمت لە جسمی ئەو دەچێت.**

– نە، تا ئێستا کەس ئەمەی پێنەوتووم، حەزیش ناکەم کەس پێم بڵێت. تۆ هێشتا وەڵامی پرسیارەکەت نەداومەتەوە. ئێستا پرسیار و وەڵام. پرسیار و وەڵام، بەوەی کە هەمووی بە شوێن یەکتردا یان بە لێکدانەوەو تەفسیری خۆت دەنوسیت؟ حەز بە تەفسیر و لێکدانەوەی تایبەتی و تاکەکەسی ناکەم. شتێکە دور لە ویژدان. ئەوە خوێنەرە دەبێ تەفسیر و لێکدانەوەی خۆی ببێت و ئەوە خوێنەرە دەبێ بەوە بگات ئەو کەسەی وتووێژی لەگەڵ کراوە چۆن کەسێکەوە.

- **بەڕێز والّسا، من وتووێژەکان هەموو کات بە شێوەی پرسیار و وەڵام دەنوسم. نازانم ئەمجۆرە نوسینە لەبەرژەوەندی تۆدایە یان بە زەرەری تۆیە و نازانم تا چەند پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەو شتانەی بەمنی دەڵێت. ئەوە منم پرسیارت لێدەپرسم، کەوایە باشتر وایە دەست پێبکەین.**

حەوت مانگ لەوە پێشت کەس لە دەرەوەی پۆڵەندا تۆی نەدەناسی. تەنانەت لە خودی پۆڵەنداش کەم بوون ئەوانەی تۆیان دەناسی. بەڵام ئەمڕۆ کەسایەتییەکی ناسراوی لەگەڵ سۆلیدارنۆش کرملینت شێت کردوە. GIERERدەردەکەیت، خەوی KANIAدەزڕێنیت و ناهێڵێت خەوی لێکەویت. کە دێیت بۆ ئیتالیاش وەک بەرپرسێکی حکومەتی یان ئەستێرەیەک پێشوازیت لێدەکرێت.

– ئارام، ئارام، ئارام.

- **بۆ چی بوو؟**

– راستە تۆزێک سەرەڕۆیت و شێوازێکی دیکتاتۆریت هەیە. منیش وام. شتێک لێرەدا دێتە پێشەوەو ئەوەیە دەبێ لەگەڵ یەک رێک بکەوین و پەیمانێکمان ببێت. لە ئێستا بەدواوە من بەسۆز و دڵۆڤانییەوە لەگەڵت قسە دەکەم. تۆش هەروا، ئەگینا لەگەڵ یەکتر نامان کرێت. وانییە؟

- **قبوڵە، هەڵبەت لەبەرامبەر ئەم هەموو سەرکەوتن و هێزەی کە لەسەر شانی تۆیە! هیچ نابێت ئەگەر هەندێ جار بڵێت خوایە ئەمە زۆرە بۆ من، بەرگەی ئەم هەمووە ناگرم؟**

– بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، زۆرجار ئەم پرسیارە بۆخۆشم دێتە پێش. زۆر ماندوم، ئەوە نییە تەنها لەباری جەستەییەوە ماندو بم، لەبەرئەوەی هەدادانم نییە. دڵم بە دروستی کار ناکات. تەنگە نەفەس دەبم. دەرون و رۆحم ماندوە. من بۆ ئەم جۆرە ژیانە دروست نەکراوم. رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کەسانێک کە بۆ ئەوەی بیان بینیت دەبێ بۆینباخ ببەستیت، پرەنسیپی

دیپلۆماتیک بپارێزیت، هەموو کات لەبیرت بێت ئەمکارە بکەیت، ئەم کارە نەکەیت، پێ بکەنە. بۆینباخ دەمخنکێنێت. نازانم بۆچی کاتێک حەز ناکەم پێبکەنم دەبێ پێبکەنم. تۆش بڵێ ئەمە دروست نییە. کەسەکان دەبێ مافی ئەوەیان هەبێت ئازاد بن و خۆیان بن، تەنانەت ئەو کاتەش کە کەسێکی سیاسین. هەموو مرۆڤەکان گوناهکارن. هەرکەسەو گوناهی بچوک دەکات.

- **بەڵێ واڵسا! بەڵام من مەبەستم شتێکیتر بوو، مەبەستم ئەو بەرپرسایەتییە قورسەبوو کە تۆ بەرامبەر بە وڵات و مێژووەکەت خستوتەتە ئەستۆی خۆت. هیچکات وا ڕێ نەکەوتوە بترسیت و وا هەست بکەیت بۆ ئەمکارە نابیت؟**

— نە، نە، نە. لەبەرئەوەی پیاوێکی باوەڕدارم و دەزانم ئێستا لەم دۆخەدا وڵاتەکەم پێویستی بە منە. وڵاتەکەم پێویستی بە کەسانێکی وەک منە کە بەشێوەی عاقڵانە بڕیار دەدەن و بەپارێزەوە شتەکان لێک دەدەنەوە. من کەسێکی کاڵفام نیم. ئەزانم لەماوەی ئەم 36 ساڵەدا لە پۆڵەندا مافی زۆرکەس خوراوە، کەوایە دۆخەکە بە شەوێک دروست نابێت و ناگۆڕدرێت. دەبێ سەبرت هەبێت، دەبێ تێبگەیت، دەبێ بەربە توڕەبوون بگریت. لەبەر ئەوەی میللەت وەک بۆمبێک ئامادەی تەقینەوەیە و من دەتوانم میللەت کونترۆڵ بکەم، لەبەرئەوەی کەسێکی لۆژیکیم. هەرچەند کەسێکی خوێندەوار نیم بەڵام دەتوانم شتەکان بە دروستی لێک بدەمەوەو وشەی گونجاو بەکار ببەم. بۆ وێنە چەند رۆژ لەوە پێش لەمانگرتنی JELENIA GOURA هاوارم کرد :» گەمژانە لەهەڵەدان! دەستتان داوەتە کارێکی گەمژانە! گەمژەن، لەگەمژەییدا کەس پێتان ناگات، من دژ بەم کارەی ئێوەم!»

سێسەد کەس نوتقی لێوە نەهات، ئارام بوونەوە. لەقسەکردن لەگەڵ خەڵک هەموو کات هاوڕابوون لەگەڵیان هونەر نییە. زۆرجار ئەوەی هاوڕا نەبیت لەگەڵیان و ناتەبا بیت لەگەڵیان هونەرە. تۆ پێموایە کەسێکی خۆبەزل زانم؟»

- **نا، چۆن وا دەڵێیت؟**

— لەبەر ئەوەی زۆرجار خەڵکانیتر وا بیر دەکەنەوە. بەپێچەوانەوە من خۆبەزلزان نیم... دەزانی چییە؟ من کەسێکم دەمەوێت یارمەتی خەڵک بدەم. بۆ وێنە ئەگەر تۆ داوام لێ بکەیت بتبەم بۆ ئێران یان ئەوێ، دەستبەجێ من ئەبم بە چوار کەس و ئەمکارە دەکەم، هەرچەند ئەمکارە کێشەم بۆ دروست دەکات. هاوڕێکانم پێم دەڵێت :»بۆچی خۆت دەکەیت بە کەوا سوری بەرکاروان؟» بەڵام من حەز ئەکەم لەپێشەوە بم. لە دیسەمبەری 1965 و لە ئۆگۆستی 1980شدا هەروابوو. کارێکم کرد کەس نەیدەویست بیکات. کاتێک کەوتمە ئۆپۆزیستیۆنەوە، ئەگەر کەسێک نەیدەویست بڕواتە کۆبوونەوەیەک، من لەبری ئەو دەڕۆیشتم. ئەگەر نەیدەویست قسە بکات، من لەبری ئەو قسەم دەکرد.

ئێستاش وەک ئەوکات وام. لەبەرئەوەی دەزانم چۆن دەکرێت بە خواست و چاوەڕوانییەکانمانەوە پێش بکەوین. دەزانم لە چ وڵاتێکدا دەژیم و راستییەکان دەزانم. ئەو کوێرە ڕێیەی کە دەبێ بیپێوم دەناسم. مەترسییەکە لێرەدایە ئەم کوێرە ڕێیە نەپێوری و ستراتیژی و روانگەی بزوتنەوە لە لایەن کەسانێکەوە کە لێی تێناگەن و کەمئەزمونن بەلارێدا بڕوات. ئەرکی من ئەوەیە لێرەدا بۆ کۆنترۆڵ کردنی کاروبارەکان ئامادە بم و شی بکەمەوە کە ناکرێت هەموو شت بەپەلە بەدەست بێت. ئەگەر ئەو بینابیەی لە (دانزیک) بۆ یادی شەهیدانی کریکار لە ساڵی 1970 دروستمان کرد، دوو ساڵ پێشتر دروستمان دەکرد، تەنها چڵەدارێک دەبوو و دەکرا بە ئاسانی ببڕدرێت. بەڵام ئەمڕۆکە دارێکی گەورەی بەهێزەو رەگی قوڵی هەیەو کە ناتوانێت لە رەگەکەی جودای کاتەوە. ئەگەر بیبڕن دوبارە سەرهەڵدەداتەوە.

- **واڵسا لە لەکوێ فێربووی ئەوەندە کەسێکی لۆژیکی و مەنتقی بیت؟ کێ فێری کردیت؟**

— نازانم پێموتوی قەت هیچ کتێبێکم نەخوێندوەتەوە، هیچکات هیچم نەخوێندوەتەوە. هەندێجار بووە حەزم کردوە شتێک بخوێنمەوە، بەڵام لە پێنج لاپەڕە زیاتر نەمتوانیوە، تاقەتم نییە زیاتر بخوێنمەوە. تەنانەت کەسێکیش نەبووە کە وەک سەرچەشن و مامۆستای خۆم چاوی لێبکەم و لاسایی بکەمەوە. هەموو کات شتەکانم هەر بۆ خۆم چارەسەر کردوە. تەنانەت شتە تەکنیکی و فەنییەکانیش، وەک چاککردنەوەی تەلەفیزیۆن یان توالێت. تۆزێک بیر دەکەمەوەو بە شێوازی خۆم ڕێگا چارەیەک دەدۆزمەوە، یان لانیکەم ڕێگا چارەیەکیتر دەدۆزمەوە. ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە دوای شکستەکانی 1968 و 1970 زیاتر لەمندا رەنگی دایەوەو خاراوتر بوو. ئەوکاتە بوو تێگەیشتم نابێت لەڕووی بەختەوەو هەروا بێ بیرکردنەوە کارەکان ئەنجام بدەم، ئەگەر وا بکەم شکست دەخۆم. لە زیندان بەوە گەیشتم «لێخ» ناتوانێت دیوارێک بەسەر بشکێنێت. دەبێ هەنگاو بەهەنگاو و بە شێوەی پراکتیکی کار بکەین ئەگینا هەم سەرمان دەشکێت هەم ئەوەی کە دیوارەکەش وەک خۆی دەمێنێتەوە. خۆ دەزانیت سەدان جار قۆڵبەست کراوم و هەرجارەی ئەم دەستبەسەر بوونە 2–3 رۆژی خایاندوە. لەزیندان کات زۆرە بۆ بیرکردنەوە، لەبەرئەوەی تەنهایت و هیچ دەنگە دەنگێکیش نییە. لە زینداندا بووم فێربووم چۆن زیندانەوانەکان وا لێبکەم بیر بکەنەوەو بەهەڵەکانی خۆیان بزانن. لەزینداندا فێربووم چۆن خەڵک ئاگادار بکەمەوە کە گیراوم، ئاخر زۆر لەخۆڕا بوو و ئەگەر دەگیرام خەڵک نەیاندەزانی گیراوم.

- **ئەم شێوەیە چۆن بوو؟**

— با پێت بڵێم، کە ئازاد دەکرام لە وێستگەی پاس یان شەمەندەفەر، بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە دەوەستام. ئەگەریش پارەم هەبا کە بلیتم کڕیبا داوام لەخەڵک دەکرد و پێم دەگوتن پارەم پێ نییەو بۆم شی دەکردنەوە بۆچی پارەم پێ نییەو گیراوم و تەنانەت هۆکاری گرتنەکەشم باس دەکرد. بەم شێوەیە خەڵک گرنگییان بە قسەکانم

دەدا و بلیتیان بۆ دەکڕیم. بەم شێوەیە سواری پاس یان شەمەندەفەر دەبووم و درێژەم بە قسەکانم دەدا. لەراستییدا کۆبوونەوەم ڕێک دەخست و موسافیرەکانم جۆش دەدا. ساڵانێکی زۆر ئەمکارەم کردو بۆهەرکوێ دەڕۆشتم شتێکم دەگوت یان کارێکم دەکرد بەوەی کە شتێک روو بدات.

- **بەڵام لێخ! ئەمە کاری سیاسەتمەندارێکی گەورەیە کە تۆ دەتکرد.**

— نە، نە، نە، کامە سیاسەتمەدار؟ من سیاسەتمەدار نیم. هیچکات نەبووم. ڕەنگە ڕۆژێک ببم بە کەسێکی سیاسی و سیاسەتمەدار. تازە ئێستا دەستم پێکردوە تۆزێک وردبم و لە چۆنییەتی کارکردنی سیاسییەکان بگەم و فێڵ و تەڵەکانیان فێربم و بناسم. بەڵام ئێستا سیاسەتمەدار نیم. بۆ سەلماندنی ئەم شتەش بەڵگەم هەیە. ئەگەر سیاسەتمەدار بام، حەزم دەکرد هەندێ کار بکەم کە ئەمڕۆ دەیکەم، لەبەرئەوەی ئەم پرسە کۆتایی بۆ نییە. ئێستا کە بەئێرە گەیشتووین پێت دەڵێم من کێم. من پیاوێکم توڕەییەکی گەورە لە دەروونمدایە. توڕەییەک کە لە منداڵی و گەنجییەوە لە دەروونمدایە، کە ئەم توڕەییە لە دەروونتدا کەڵەکە دەبێت، بە ئاستێک دەگات دەتوانی کۆنتڕۆڵی بکەیت و بەسەریدا زاڵ بیت، بۆیە من دەتوانم جەماوەر و مانگرتنەکان کۆنتڕۆڵ بکەم. دەبێ ئینسان زۆر توڕە بێت بۆ ئەوەی بتوانێت توڕەیی پیرۆزی خەڵک کۆنتڕۆڵ بکات. مرۆڤەکان دەبێ ئەو توانایییەیان هەبێت هاوکات لەگەڵ توڕەیی بژین. بڕوانە! بەو توڕەییەی کە لەدەروونی مندا بوو من دەمتوانی لانیکەم پێنج ساڵی تریش بڕۆمە پێش، بەڵام لە ئۆگۆستی رابردوودا من توڕەیی خۆمم هەڵڕژاند. لەبەر ئەوەی زانیم دۆخەکە زۆر هەستیارتر لەوەیە کە هیوام پێ بەستبوو. ئەو کاتە هێرشم کردە سەر کارگەکانی لینین.

- **دواتر لەمبارەوە قسە دەکەین، واتە ئەو ڕۆژەی هێرشت کردە سەر ئەو شوێنە.**

— دەزانی چییە! زۆر بەرلەوەی شتێک دورست بێت، واتە زۆر بەرلەوەی سەندیکای ئازاد بوون ببێت، بیرم لەوە دەکردەوە درەنگ یان زوو ئەو شتەی لە (دانزیک) لە ئۆگۆستی رابردودا روویدا، روو دەدات. لە کۆبوونەوە نهێنییەکانی کرێکاران، ئەو کاتەی مێژووی پۆڵەندا و یاسای سەندیکایی خوێندنەوەی بۆ دەکرا( بێ هیچ کارێکی تێکدەرانە) مامۆستای حیزبیمان هەبوو و لەگەڵ کەسەکان کەوتبووینە گفتوگۆ و قسەکردنەوە. لەراستییدا من خۆم ئامادەکردبوو بەوەی بەر بە شتی نائاسایی بگرم و وتبووم هەرکات بشێوی لە کارگەکاندا روویدا، دەستبەجێ ئاگادارم کەنەوە. ئەو کاتەی ئاگاداریان کردمەوە، زانیم پێشتر بشێوی و شۆڕش روویداوەو کاتی ئەوەیە دەستبەکار بم، بەڵام بەداخەوە چوار پۆلیس هەموو کات چاودێرییان دەکردم. لەدەست پۆلیسەکان هەڵهاتم، هەڵبەت ناڵێم چۆن هەڵهاتم لەبەرئەوەی ڕەنگە جارێکیتر ئەم شێوەیە بەکار بێنم. خۆم گەیاندە کارگەکانی بیناسازی و لە سەر دەرگاکەی

> **دەبێ ئینسان زۆر توڕە بێت بۆ ئەوەی بتوانێت توڕەیی پیرۆزی خەڵک کۆنتڕۆڵ بکات. مرۆڤەکان دەبێ ئەو توانایییەیان هەبێت هاوکات لەگەڵ توڕەیی بژین**

دەرەوە خۆم گەیاندە ئەوێ و لە دۆخێکی هەستیاردا گەیشتم. دە هەزار کرێکار بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان کۆبوونەوەیان ڕێک خستبوو. بەرپرسەکەیان داوای لێدەکردن بگەڕێنەوە سەرکارەکەیان و مانگرتنەکە بشکێنن. ئەوانیش بێ ئەوەی نارەزایەتی دەرببڕن بەرەو دەرگای دەرەوە کەوتنە ڕێ. من رقم هەستا، ڕێگام کردەوەو خۆم گەیاندە بەردەم بەرپرسی پۆلیسەکان. تۆ ئەو زاراوانەی لە یاری بۆکسدا بەکار دەبرێن دەناسیت؟ بە مستێکی ڕاست و مستێکی چەپ دام بە زەویدا. کارێکم کرد بکەوێت و کەوتمە سەر و قیژاندم بەسەریدا و وتم کەس ناجوڵێت، کەس باوەڕ بە درۆکانی ناکات، تا دڵنیامان نەکەنەوە بەوەی جارێکیتر درۆمان لەگەڵ ناکەن کەس لێرە ناڕوات. هەرلەبەرئەمە کرێکارەکانیش هاتنە جۆش و من بووم بە ڕێبەریان و ئێستاش ڕێبەریانم.

- **لێخ، ڕێبەربوون یانی چی؟**

— ماناکەی ئەمەیە: هەستی ناسین و لێکدانەوە لە ناوەوەو دەرەوە، جیددی بیت لەگەڵ خۆت و ئەوانیتردا. من هەموو دەم وەها بووم. هەرلەو کاتەوەی کە منداڵێکی هەژاری دێهاتی بووم و ئاواتم ئەوە بوو ببم بە فڕۆکەوان، هەموو دەم لیدر و بەڕێوەبەری گروپ بووم. ئەگەر ڕانە مەڕێکیش بێ ڕێنوێن بێت، هەرکامەیان بەرەو لایەک دەڕۆن، بەرەو شوێنێک کە بڕێک گیای لێبێت بۆ خواردن. هیچکامەیان ڕێگای ڕاست هەڵنابژێرن. ڕانە مەڕێکی بێ ڕێنوێن، داهاتووی نییە. بەڵام من نازانم بەڕاست ڕێبەرم یان نا؟ تەنها ئەوە دەزانم دەتوانم شتەکان بەجوانی لێک بدەمەوە. ئەو کاتەی جەماوەر بێدەنگ دەبێت ئەزانم دەیەوێت چی بڵێت و ئەو کاتەیە من دێمە قسە و بە دروستی قسە دەکەم. وەک پیلێک خۆم شەحن(شارژ) دەکەمەوە. ئێستا دەمەوێت شتێکت لێ بپرسم، لەبەر ئەوەی تۆ زۆر سەفەر دەکەیت و خەڵک دەناسیت و دەتوانیت وەڵامی ئەم پرسیارەی من بدەیتەوە. خەڵک دەربارەی من چی دەڵێن؟ لە ڕۆژئاوا چۆن دەربارەم بیر دەکەنەوە.

- **دەپرسم ئەم واڵسا کێیە؟**

– ئەم پرسیارە لە رۆژهەڵاتیشدا هەر هەیە، لەخۆیان دەپرسن ئەمە کێیە ناهێڵێت سەربازەکانی ئێمە بە پێڵاوەوە بخەون؟ دەپرسن ئاخۆ من ژەنراڵم و خۆیان وەڵامی خۆیان دەدەنەوە.

- **بەڵێ، پێراودا دەڵێت تۆ ئانارشیستێکیت. دژە شۆڕش و دوژمنی سۆسیالیسم.**

– منیش وەڵامم بۆ ئەوان ئەوەیە تەنها پیاوێکە. پیاوێک کە تۆزێک عەداڵەتی دەوێت، کەسێک کە دەیەوێت بەکەڵک بێت بۆ ئەوانیتر و لەدەرەوەی سنور و رەنگ و ئایدۆلۆژیەکانەوە بیر دەکاتەوە. کەروێشکی برسی سنور ناناسێت، ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتی نییە، بەرەو شوێنێک دەڕوات کە بتوانێت پێویستییەکانی ژیانی دابین بکات و کەروێشکەکانیتر بە تانک بەری پێناگرن. دەبێ لەکەروێشکەوە فێر بین. بەڵام واز لە رۆژهەڵات بێنە، لە رۆژئاوا چۆن دەربارەی من بیر دەکەنەوە؟

- **هەندێ دەڵێن واڵسا کەسێکی دیموکرات مەسیحییە, هەندێک دەڵێن وەچەی رۆزا لۆگزامبۆرگە. هەندێک دەڵێن دیموکرات مەسیحییەکی دەمارگرژە. تەنانەت هەندێکیتر تۆ بە کۆمۆنیستێکی ئەوروپایی دەزانن. چ وەڵامێک هەیە بۆیان؟**

– هیچ وەڵامێکم نییە بۆیان! لەبەر ئەوەی من نامەوێت خۆم لەگەڵ ئەو ناو و ناتۆرانەی ئەوان بگونجێنێم بەوەی کە راستم یان چەپ، کاپیتالیستم یان کۆمۆنیست، دیموکرات مەسیحم یان تاقمی لۆگزامبۆرگ.

من بە کلتوری خۆم، خۆم وەسف دەکەم: خاس، خراپ، باشتر و خراپتر. دەڵێم ئەگەر کەسێک بۆ خەڵک بەکەڵک بێت، کەسێکی باشە. ئەگەر بەکەڵکی خەڵک نەیەت کەسێکی خراپە. هەڵبەت دەبێ بزانین لە چ روویەکەوە بەکەڵین و دەتوانین خزمەت بکەین. رۆژێک لەتێک نانم لەگەڵ کچێکی میهرەبان بەش کرد و هەستم کرد بەوەی کارێکی باشم کردوە. جارێکیش ژنەکەم زۆر بێ ئەدەبانە قاپێک گۆشتی فڕیدایە بەردەمم! زۆرم پێناخۆش بوو و نەمتوانی بیخۆم. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر تەنها نەتوانین شتێک بخۆین بەس نییە. لەتە نانێک بە شادی و خۆشحاڵییەوە باشترە لە قاپێک پڕ لەگۆشت کە بە سوکایەتییەوە پێتدرابێت. هەروەها دەبێ بزانین ئەگەر ئەو لەتە نانە نەبێت ناتوانین بزانین بەختەوەری چییە. کەوایە پێویستمان بە سیستمێکە بەوەی ئەم دوو شتە پێکەوە گرێ بدات. خواردن و ئازادی. ئێمە زۆربەمان پەنجا-شەستساڵێک دەژین. لەلایەکەوە دەوڵەمەندەکان تا دێت دەوڵەمەندتر دەبنەوەو لەلایەکیترەوە فەقیرەکان تادێت فەقیرتر دەبن. دەبێ ئەوەی هەیە لەناو کۆمەڵگەدا دابەش بکرێت، ئەمە یانی چی دەوڵەمەندەکان سەرمایەکەی خۆیان کەڵەکە دەکەن و نایانەوێت لەگەڵ کەسیتر دابەشی بکەن؟ سەرەنجام ئەوەی کە دەمرن و دەبێ هەموو سەرمایەکەیان بۆ میراتخۆرەکان بەجێ بێڵن و ئەوانیش رازی نین و جگەلە نەفرەت کردن هیچ کارێکیتر ناکەن!

- **ئەم شتانە کەم یان زۆر لە لایەن کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکانیشەوە دەوترێت.**

– نە، نە، نە، پێشتریش وتم پێت نامەوێت ئەو وشانە بەکار ببەم، ئەو دروشمانەی کە ئەوان دایان هێناوە.

- **لێخ! پێموایە تۆ دەتەوێت ئەوە بڵێیت کۆمۆنیسم شکستی خواردوە؟**

– پەیوەستە بەو پێوەرەوە کە بۆ چەمکەکانی خراپ و باش، باشتر و خراپتر هەڵیدەبژێرین. ئەگەر پێوەرەکەت ئەو شتە بێت کە ئێمە پۆڵەندایەکان لە گیرفان و دووکانەکانماندا هەمانە، وەڵام ئەوەیە کۆمۆنیستەکان کارێکی وایان نەکردوە. بەپێچەوانەوە ئەگەر پێوەرەکەت ئەو شتەبێت کەلە دەرونماندایە، وەڵامی من ئەوەیە کۆمۆنیستەکان کارێکی زۆریان ئەنجامداوە، لەبەرئەوەی ئەو شتەی لەدەرونی ئێمەدایە پێچەوانەی ئەو شتەیە کە ئەوان دەیانەوێت. ئەوان دەیانەویست ئێمە باوەڕمان بە خودا نەبێت، لەحاڵێکدا کەنیسەکانمان پڕە لەخەڵک. دەیانەویست ئێمە ماتریالیست بین و نەتوانین لەخۆمان ببوورین، لەحاڵێکدا ئێمە دژی ماتریالیستین و زۆریش هێزی لەخۆبردویمان تێدایە. دەیانەویست ئێمە لە تانک و تۆپ بترسین، بەپێچەوانەوە ئێمە ناترسین.

- **ئەی ئازادی؟ با باسی ئازادی بکەین، نان بەبێ ئازادی.**

– ئازادی بەرە بەرە بەدەست دێت. هەنگاو بە هەنگاو. ئازادی خواردنێکە کە کاتی برسیەتی زۆر دەبێ زۆر بە پارێزەوە پێی بدرێت. بۆ وێنە گریمان ئێمە ئەندامانی سۆلیدارنۆش ئیزنی ئەوەمان پێ بدەن برێنە تەلەفیزیۆن و لەوێ دەست بکەین بە هاوار کردن بەوە دزەکان دەبێ بڕۆن، درۆزنەکان دەبێ بڕۆن. ئەو چەتانەی کە تەمەنێکە دەمانڕوتێننەوە دەبێ بڕۆن. دەی ئەو کات خەڵک چی دەکەن؟ پەرچەکرداریان ئەوەیە کە دەست دەکەن بەسەر بڕین. لە سەرشەقامەکان جۆگەی خوێن رێ دەکەوێت و بشێوی و ئانارشیزم سەرهەڵدەدات. پێشتریش رووداوی لەمجۆرە لە گوندەکان روویداوە. من بەچاوی خۆم بینیم ئەو کاتەی دەوڵەت دەستیکرد بە فرۆشتنی تەلەفیزیۆن بە گوندییەکان. بەرنامەکانی تەلەفیزیۆن گومانی لای خەڵک دروست دەکرد دەربارەی ئاین. کە تەلەفیزیۆن هاتە ناو ماڵەکانەوە کارەساتی لێکەوتەوە. ژمارەییەکی زۆری خەڵکی گوندەکان باوەڕی ئاینییان لەدەستداو هەندێکیتریشیان کەمتەرخەم بوون بەرامبەر با ئاین. نە، نە، نە، شتەکان کوتوپڕ و یەک شەوە ناتوانن بگۆڕدرێن. گۆڕانی خێرا مەترسیدارە. رای تۆ چییە؟

- من دەڵێم هیچکات نابێت لەئازادی بترسین. لەبەرئەوەی تەنها شتێک وانەی ئازادیمان فێر دەکات خودی ئازادییە. زۆر خراپ و نەگونجاوە ئازادی وەک سوپێک بکەینە قوڕگی کەسێکەوە کە برسییەتی.

– لەلایەکیترەوە ناکرێت زێدەڕۆیی بکرێت، بەو شێوەیەی کە ئێوە رۆژئاواییەکان هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ ئەو حیزبانەی کە خۆشیان نازانن چییان دەوێت، تەنانەت سۆسیالیستەکان و کۆمۆنیستەکانیش بەیەکەوە نایانکرێت. وەک چۆن کۆمۆنیستەکان لەگەڵ دیموکرات مەسیحییەکان هەڵناکەن. سەرەنجام دیموکرات مەسیحییەکان و لیبراڵەکان کێشە بۆیەکتر دروست دەکەن. ناهێڵین بەرامبەرەکەیان کارەکەیان بە دروستی ئەنجام بدەن، بەڵام پشتیوانی یەکتر دەکەن. ئەم چ بەزمێکە؟ لاموایە هەموو شت وەک چێشتی مجێور تێکچووە. سەری لێدەرناکەم. لە پۆڵەندا ئەو دەرفەتە نییە چەند حیزب چالاکی بکەن. لەبەر ئەوەی ئێرە بەو شێوەیە کە دەیبینی. لێرە دەبێ چاودێری سەندیکاکان هەبێت. ئەگەر سەرکەوتوو بین حیزبی ئێمە باشتر لە حیزبی ئێوە کە کاتی خۆیان بۆ دیان ریچ کردنەوە لەیەکتر، توانج گرتنە یەکتر، گاڵتە پێکردن، تاوانبارکردن یان کۆمەڵێک قسەی وەک ئەوەی فلانەکەس لەگەڵ فیسارەکەس چووەتە ناو پێخەفی خەوەوەو خەوتوە. بەڵێ، ئێمەباشتر لە ئێوە خزمەتی میللەتەکەمان دەکەین. لاموانییە لە وڵاتانیتری دونیا حیزبەکان کارێکی زیاتر لەمەیان کردبێت. بە هەموو ئەم بشێوی و چێشتی مجێورەوە کە دروستکراوە، تەنها شتێک روون بوەتەوەو ئەویش ئەوەیە کە دەڵێن: فلانە شتیان دەوێت، دواتر کارێکیتر دەکەن. خۆیان بە شێوەیەک دەناسێنن و لە کرداردا بەشێوەیەکیتر هەڵسوکەت دەکەن. راست ئەکەم؟

- **بەڕاست؟ بەڵام ئەگەر سەندیکاکان جێگای حیزبەکان بگرنەوە ئیتر «پلۆرالیسم» بوونی نییە. دابەشکردنێکی سادە لە نێوان هێز و حیزبی تاک و سەندیکادا هەیە. تۆ پلۆرالیزمیت ناوێت؟**

– با دەمەوێت! هەر کەس، هەرگروپ و سەرجەم کۆمەڵگە پێویستیان بەوەیە ئازادانە قسە بکەن و مافی ئازادی رادەبڕینیان هەیە. بەڵام تەنها بەلاسایی کردنەوەی حیزبەکان و بەکارهێنانی وشەی حیزب ئەم کارە دەکرێت؟ دەکرێت باس لە کۆڕ، یانە یان کلوپ بکەین! کلوپی ئەو کەسانەی کەناری بەخێو دەکەن یان یانەی ئەو کەسانەی تەزبیح دەگرنەوە. لەبەرئەوەی گەنم لەسەر بەرد سەوز نابێت، لە پۆڵەندا ناکرێت حیزبێکیتر ببێت و لەو رووەوە کە تاک دەبێت خۆی لەگەڵ ژینگەکەی بگونجێنێت، کە وایە با ئیزن بدەین ئەوانەی کەناری بەخێو دەکەن با لەدەوری یەکتر کۆببنەوەو پرۆگرام و بەرنامەیەک بۆ خۆیان دانێن و یاسایەک کە رەنگە ببێت بەهۆی ئەوەی کلوپی تر دروست ببێت، وەک کلوپی ئەوانەی کەروێشک بەخێو دەکەن، کلوپی ئەوانەی مرەکێوی بەخێو دەکەن، بەم شێوەیە بەخێوکەرانی کەناری، کەروێشک، مرە کێوی ، مراوی و کەڵەشێرو مرەکێوی لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە. گرنگ ئەوەیە ئەم گروپە جیاوازانە ئازادانە بوونیان هەبێت و خزمەت بە کۆمەڵگە بکەن. من بەمجۆرە بیردەکەمەوەو رای خۆم دەربڕی. ئەم قسانە قسەی بێمانایایە؟

- **نە، لێخ، قسەکانت هیچ بێمانا نین.**

– من زۆر لەم شتانە تێناگەم و کاتی ئەوەم نییە بیرلەم چەمکانە بکەمەوە. بەڵام شتیتر زۆرە من دەبێ لە مێشکی خۆمدا رێکیان بخەم. بەگشتی لە دیتنت خۆشحاڵم. خۆشحاڵم لەبەر ئەوەی زۆر کەم روویداوە لەگەڵ کەسێک قسە بکەم و هەندێ پرسیار بپرسێت، کە بۆ وەڵامدانەوەی ناچار بم بیربکەمەوە. بەزۆری قسەکردن لەگەڵ کەسانیتر وات لێدەکات شتی تازە وەربگریت. بە شێوەیەک کوتوپڕ بە مێشکتدا دێت:» سەیرە، چۆنە تا ئێستا بیرم لەم شتە نەکردبوویەوە؟ بەم شێوەیە ئایدیا و بیرۆکەکان دروست دەبن. بۆ وێنە بیرۆکە کەنارییەکان دەتوانێت بیرۆکەیەکی باش بێت.

- **بەڵام بیرۆکەی چاندنی گەنم لەسەر بەرد، بیرۆکەیەکی باشە.**

– ئای، ئای، ئای، کێشەکە لەوەدایە سەرەتا دەبێت بەردەکە بجوڵێنیت، ئەگەر لە ژێر بەردەکەدا زەمینێکی گونجاو بۆ چاندنی گەنم نەبێت چی؟ یان ئەوەی گەنمەکە ناتەواو و خراپ هەڵبدات.

- **باشترە لە هیچ.**

– نازانم، رەنگە تۆ راست بکەیت. رەنگیشە بەپێچەوانەوە، بەڵام لاموایە تۆ لە هەڵەدای. من ئەم بابەتە بە پرسیارێکی ناخۆش دەسەلمێنم. ئەگەر تۆ بتەوێت منداڵت ببێت و زۆر خۆشت بۆ ئەو شتە ماندو بکەیت پێت باشە منداڵەکەت ئیفلیجت ببێت یان هەر نەتبێت؟ ئای، خۆزگە ئەوەندە ماندو نەبام بۆ ئەوەی باشتر وەڵامت بدەمەوە و مەبەستم بگەیەنم. دەبێ ئەوە بزانیت من تەنها سێ ساڵ چوومەتە قوتابخانە کە وایە بەئەندازەی تۆ کاتم نەبووە بۆ بیرکردنەوە. تەنها لە زیندان کاتم هەبوو بۆ بیرکردنەوە. هەندێجار دڵم بۆ زیندان تەنگ دەبێت و بیری زیندان دەکەم و بەخۆم دەڵێم ئەگەر هەر دوو حەوتو جارێک قۆڵبەست بکرێم ماندویەتیم دەردەچێت! زۆرباشە، زۆر بیری لێمەکەوەو قسەکانمان بکەین، بەڵام بە پرسیاری سادەتر و ئاسانتر، لەبەرئەوەی ئەمجۆرە پرسیارانە سەرم دێنێتە ئێش.

- **ئەمەوێت بزانم بۆچی وێنەی «مریەمەی رەش» لەسەر ملیوانی کۆتەکەتە، ئەمە جۆرێک ئەتەکێت نییە؟**

– نە، نە، نە، ئەمە جۆرێک عادەت و خوی خۆمە، نەک جۆرێک دەتەکێت، یان باشتروایە بڵێم جۆرێک پیرۆزەیە. بۆ ئێمە پۆڵەندایەکان «مریەمی پیرۆزی رەش» جۆرێک هێمای بەختە... تەنانەت لەبیریشم نییە کێ و کەی شتەی بەمن داوە. دەزانم بۆ تۆی رۆژئاوایی تێگەیشتن لەم شتە ئاسان نییە، کەنیسە بەلای ئێمەوە مانایەکی هەیە جیاواز لەو مانایەی ئێوە. کەنیسە بەلای ئێمەوە رەمزی خەباتەو تەنها قوتابخانەیەکە کە بەرامبەر بە زوڵم و زۆر سەر دانانەوێنێت. منیش ئەوە باوەڕەکەمە وایلێکردوم خەبات بکەم. دەیڵێمەوە ئەگەر باوەڕم نەبا خەباتم نەدەکرد. دەزانیت

زۆر کەس هەڕەشەم لێدەکەن؟ زۆر کەس تەنانەت دۆستە نزیکەکانیشم.

- **بەڵام هەموو دەم وەک ئێستا باوەڕی ئاینیت هەبوو؟**

– بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، هەموو کات، هەموو کات! کەسانێکیش هەن کە دەتوانن شاهیدی بدەن و بیسەلمێنم. دەتوانیت لە ئۆسقۆفی پۆڵەندا بپرسیت! لە قوتابخانەش کە وانەی کۆمۆنیستی دەوترایەوە من گوێم پێنەدەدا. تەنها ئەو کاتەی هەژدە، نۆزدە ساڵم تەمەن بوو برێک باوەڕی ئاینیم کەمڕەنگ بووەو زۆر خۆم بە کۆت و بەندەکانەوە نەبەستەوەو بەردەوام سەرقاڵی میوانی و خواردنەوەو رابواردن لەگەڵ کچان بووم.

دواتر شتێک روویدا. رۆژێک سەرمام بوو و ماندو بووم و بەشوێن جێگایەکدا دەگەڕام دانیشم. لەبەرئەوەی لەو نزیکانە شوێنێ نەبوو جگە لە کەنیسەیەک، چوومە ناوکەنیسەکەوە. لە شوێنێک راکشام و دەست بەجێ هەستی ئارامش دەستی پێدام. لەوکاتە بەدواوە ئیتر یاخی بوونم تەواو بوو. ئەوە نییە بڵێم ئێستا فریشتەم، فریشتەیەک بوونی نییە و منیش فریشتە نیم. زیاتر وەک شەیتان دەچم. بەڵام هەموو رۆژێک بەیانی زوو سەردانی کەنیسە دەکەم، عیبادەت دەکەم، ئەگەر گوناهێکی بچوکم کردوە کە بەو بۆنەوە دەبێ دانی پێدا بنێم دانی پێدا دەنێم. ئەمە دەڵێم لەبەرئەوەی پیاوێکی باشم. لەوکاتەوەی لە دایکبووم تا ئێستا دوجار مەست و سەرخۆش بووم. جارێک ئەوکاتەی سەرباز بووم و جارێکیش ئەوکاتەی دەچوومە قوتابخانەی پڕۆفێشناڵ. بەڵام دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ ژنان... دەبێ ئەوە بڵێم ژنەکەم ژنێکی خراپ نییە. باشتر وایە بڵێم ئەو ژنی ئایدیالی منە. هەر ژنێکیتر بایە لەجێی ئەو تا ئێستا لێم جیا دەبوویەوە، یان بە چەقۆ و کێردی چێشتخانە کوشتبوومی. هەربۆیە ناکرێت خیانەتی پێبکەم. دایکی شەش منداڵمەو ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت یەکترمان خۆش دەوێت. هەڵبەت شتێکە تێگەیشتن لێی ئاسانە ئەو کاتەی چەند رۆژێک تەنها



لێخ واڵسا لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتدا

دەبم– وەک کاتی مانگرتنی گوندییەکان– حەزێک لە دەرونمدا بووە. پێم وتیت من پیرۆز نیم. ئەمجۆرەم کە دەیبینی.

- **هیوادارم پاپ وتوویژەکەی ئێمە نەخوێنێتەوە.**

– پاپ دەزانێت. پیاوەکان لێم تێدەگەن! لەراستییدا ئەو کاتەی دەمویست بیبینم نەشڵەژام. تەنها ئەوە بوو ئامادە نەبووم، ئەو کاتەی تەماشای پشت سەری خۆم کرد و وێنەگر و رۆژنامەنوسەکانم بینی سەرم سوڕما. من خۆم بۆ قسەکردن ئامادە نەکردبوو، هیچکات خۆم بۆ قسەکردن ئامادە ناکەم، تەنانەت سەردێڕی قسەکانیشم دیاری ناکەم. ئەوکات زانیم لە چ دۆخێکدام، بەخۆم گوت :» لێخ ئێستا چۆن خۆت رزگار دەکەیت لەم دۆخە؟» دەترسام کێشەیەک بۆ پاپ دروست بکەم. هەربۆیە زۆر بە کورت و بەکەڵک قسەم کرد لەگەڵ پاپ. دواتر کە پاپم لەسەر کورسی نان خواردن بینی زانیم شتەکە ئاسانتر و سادەترە. هەرچەند سەرئێشەیەکی ناخۆشم هەبوو و تەنانەت نەمدەتوانی هیچ بخۆم، بەوانەی لەگەڵم بوون وتم ئێوەش لەگەڵ پاپ قسە بکەن، ئێوەش مافی ئەوەتان هەیە قسە بکەن. منیش پێدەنگ بووم و لەبەر خۆمەوە وتم:» تەماشا لێخ! دەرفەتێک خولقاوە بەوەی لەگەڵ پاپ لە سەر کورسی نان خوران دانیشیت، بەڵام سەرت هاتووەتە ئێش و تەنانەت ناتوانی نان بخۆیت.»

- **ئەو کاتەش رێبەری سەندیکاکانی ئیتالیات بینی سەرت دێشا؟**

– نە، نە، نە، لەگەڵ ئەوان هیچ کێشەیەکم نەبوو. ئەری راستی من لەم رێبەری سەندیکا رۆژئاواییانە تێناگەم بەم بۆینباخەیانەوە. مانگرتنەکانیان و ئەو مانگرتنانەی کرێکاران هان دەدەن بۆی بەلای منەوە شتێکی نامۆیە. لەبەر ئەوەی جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان مانگرتنەکانی ئێمە لە پۆلەنداو بەو بۆنەوە قۆڵبەست دەکرێین لەگەڵ مانگرتنەکانی ئێوە. بەڕاست لێیان تێناگەم. بۆ ئەم کارەیان موچە وەردەگرن، بەڵام تەنانەت توانای چارەسەرکردنی کێشەیەکیان نییە و کارێک دەکەن دۆخەکە خراپتر بێت بەرەو هەڵدیر بچێت. من پێم وتوی ئەمجۆرە رێبەری کردنە، سەندیکایی نییە. لام وانییە کارکردنی منیان بەدڵ بێت. مشت و مڕێکی توند لە نێوان من و ئەواندا روویدا و بەلای منەوە سەرنجڕاکێش بوو. وەک یاری تێنسی سەر مێز وابوو.

هەندێ قسەم بۆکردن کە لێی

تێنەدەگەیشتن، هەرچەند هەموو ئەو قسانەی ئەبا بیڵێم نەمگوت، لەبەرئەوەی یەکەمجار بوو دەچووومە دەرەوەی وڵات و لەشارێک بووم کە پاپ لەو شارەدایە. نەمدەویست کێشەیەک بۆ پاپەکەمان دروست بێت.

- **بەمەشەوە بۆ سەندیکالیستەکان گرنگ بوو واڵسا ببینن و لەگەڵی رەسم بگرن. بەمەت زانی؟**

– بەڵێ، بەڵێ، زانیم. زۆر باشیش زانیم. نەک تەنها سەندیکالیستەکان بەڵکو کەسانێیکتریش ویستیان من بکەن بە ئامراز. کە لە فڕۆکەکە دابەزیم کەسێک بە دەستە گوڵێکی مێخەکەوە هاتە پێشوازیم. ئەگەر گوڵە مێخەکە رەمزێکی تایبەت بێت من نازانم بۆشم گرنگ نییە. بەڵام لەبیرمە دەستبەجێ دام بە کچێک کە لەوێدا بوو و خۆم رزگار کرد لەو گوڵانە. دواتریش بیرم لەوە نەکردەوە کێ ئەو گوڵانەی پێدام.

- **تەماشا لێخ، دەمەوێت شتێک بزانم. هەمووان دەزانن باوەپیارەت(زڕباوکت) لە ئەمریکا دەژی و دایکیشت چەندساڵ لەوە پێش لەوێ ماڵئاوایی لەژیان کرد. هیچکات داوایان لێکردوی پەیوەست بیت پێیانەوە؟ هیچکات بیرت لەوە نەکردوەتەوە بەرەو ئەمریکا سەفەر بکەیت؟**

– نە،نە، نە، هیچکات! ناتوانم دور لە پۆڵەندا بژیم. نە ناتوانم! لامواپە مرۆڤ دەبێت لە شوێنێک بژیی کە لەوێ لەدایکبووەو گەورە بووە، بۆ ئەوەی بتوانێت خزمەتی وڵاتەکەی بکات. بەڵێ باوکی دووهەمم، زۆرجار دەعوەتی کردوم بڕۆم بۆ ئەمریکا. لەو رووەوە پێی دەڵێم باوکی دووهەم کەدوای مەرگی باوکم لەگەڵ دایکم زەماوەندی کرد.

باوکم ساڵی 1945 بە هۆی ئەو گوشارانەوە کە لە گرتوخانەکانی ئەڵمانیا بەسەرییەوە بوو کۆچی دوایی کرد. باوکی دووهەمم بەردەوام نامەی بۆ دەنوسیم:»وەرە بۆ ئێرە، لەوێ چی دەکەیت؟» جگەلەمە، من هیچکات پۆڵەندا بەجێ ناهێڵم. لاموابوو ئەو دەعوەت

> پارە هەموو شتێک نییە و رەسەنییەت و گەورەیی ناهێنێت، بەپێچەوانەوە مرۆڤ دەکات بە کەسێکی هەوەسباز. زۆرجار کەسەکان خراپ دەکات. هیچکات نامەوێت ببم بە میلیۆنێر و کاپیتالیست

کردنانە لە دڵەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئەو دۆلارانەوە بوو کە پێی گەیشتبوو. هەڵەم نەدەکرد. کە جارێکیتر لە رۆم بینیمەوە نەمناسییەوە. ئەوکاتەی لە پۆڵەندا بوو پیاوێکی هەژار بوو و ئامادەی هەرچەشنە لە خۆبردوییەک بوو. ئامادەبوو تەنانەت ئەو شتە کەمەی کە هەیەتی دابەشی بکات، بەڵام ئێستا هەربیری لای پارەو رابواردن و سەفەر کردنە. دۆلار بوو بەهۆی ئەوەی خۆی ون بکات و خۆی لێ بگۆڕدرێت. بۆیە ئیتر زۆر لەگەڵ یەک نامانکرێت. راستە شتێکی سروشتییە بۆ ژیان، بۆ گەورەکردنی منداڵەکان و بارهێنانیان پارە پێویستە، بەڵام پارە هەموو شتێک نییە و رەسەنییەت و گەورەیی ناهێنێت، بەپێچەوانەوە مرۆڤ دەکات بە کەسێکی هەوەسباز. زۆرجار کەسەکان خراپ دەکات. هیچکات نامەوێت ببم بە میلیۆنێر و کاپیتالیست، هیچکات! کاتێکیش بڕۆمە ئەمریکا...

- **کەی دەڕۆیت لێخ؟**

– لە شەش حەوت مانگی داهاتوودا، دوای ئەوەی بزوتنەوەکەم رێک خست و ئاسەواری رەش بوونەوەی ماچو موچەکانی رۆم لەناو چوو! پۆڵەندا پێویستی بەوەیە یارمەتی بدرێت. نەک یارمەتی دۆلاری، بەڵکو یارمەتی سیاسی و ئابوری. من بۆ بەدەستهێنانی ئەم یارمەتییە پێویستم بە رۆژئاوایە. بەڵام لە رۆژئاوا، زۆرجار کەسەکان دەیانەوێت پرسەکانی خۆیان لەگەڵ خوێنی پۆڵەندا تێکەڵ بکەن. بەڵێ دەبێت سەردانی ئەمریکا بکەم و ئێمە حەز بەم شێوە حسێب و کتێبانە ناکەین.

- **لام وایە ئیتر سەرئێشەکەت چاک بووەتەوەو بتوانم پرسیاری قورستر بپرسم و وەڵامی بدەیتەوە. بۆ وێنە ئەم پرسیارە: ناترسیت لەوەی ببێت بە ئامراز و کەڵکت لێ وەربگرن؟ بۆ وێنە دوێنێ لە وارشۆ، کەسێکی پلەبەرزی ئاینی پێی گوتم واڵسا هیچکات کارێک ناکات ئۆسقۆفی مەزن بەدڵی نەبێت.**

– تا ئەو جێگەیەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئۆسقۆف WYSZINSKIراستە. کارێک ناکەم دژی ئیمان و کەنیسە بێت. ئەو پیاوێکی گەورەیە، زاناو تێگەیشتووە، پشتیوانییەکانی کاریگەرییان هەیە. لەهەموو شوێن و هەموو دەم. بەڵام خەڵک ئەمە نازانن. ئەو بوو ئەو دەرفەتەی خولقاند کە بتوانم GIERERو KANIA ببینم. هەروەها لە چەند رۆژی رابردودا ئەو بوو یارمەتیدام دەربارەی کێشەی گوندییەکان و کرێکارانیRZGSZOW و BIELSKOBILA. من بەتەنهایی نەمدەتوانی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەم و ناچار بووم لە قەشەکانی ئەو یارمەتی وەربگرم. هیچکەس ناتوانێت بزانێت ئۆسقۆفی مەزن چی بۆ من و ئێمە کردوە. کەوایە گەمژانەیە کارێک بکەم بەپێچەوانەی ویستی ئەو. لەلایەکیتریشەوە ئەویش ناهێڵێت کەسێک بە دژی من کارێک بکات، تەنانەت بە جلی رەشیشەوە! بەڵام ئەگەر کەسێک بیەوێت بەجلی رەشەوە بمکات بە ئامراز... جوان گوێ بگرە لە قسەکانم. نامەوێت سوێند بخۆم، بەڵام کەس نییە نەیەوێت کەڵکی خۆی لەمن وەرنەگرێت. بەڵام دەتوانم سوێند بخۆم ئێزنم نەداوەو

نادەم كەس بمكات بە ئامرازی دەستی خۆی یان كاریگەری لەسەرم بێت. ئەگەر كەسێك بیەوێت وابكات، سەری ئەدا لەبەرد. ئەگەر من زووتر بزانم خۆم بەردەكە ئەدەم بە سەریدا.

- **ئەی دەربارەی رووناكبیران؟**

– دەزانیت چەنە گوندییەكان بە مانگرتنەكانی خۆیان تورەیان كردوم؟ بەڵام من هیچم نەكرد جگە لەوەی پێیان بڵێم خۆبەزلزان و كەللەپوت و هیچ نەزانن. بەڕاست ئەوان بۆچی ئەو مافەیان هەیە ئەمكارە بكەن؟ رووناكبیرانیش وەك ئەوان وان. ناتوانن خۆیان لەگەڵ بارودۆخەكە بگونجێنن. لەسەردەمی خەباتدا بەڕاستی زۆر پۆزەتیڤ بوون و رێزم بۆیان هەیە. بەڵام ئێستا ناتوانن خۆیان لەگەڵ بارودۆخەكە بگونجێنن. دەیانەوێت هەمان شێوەكانی پێشتر بەكار ببەین، ئەمەش ناكرێت! من هیچم لەدەست نایەت جگە لەوەی بەو رووناكبیرانە هەندێجار بە تۆزێك تورەییەوە بڵێم واقع بین بن! وا نابێت! ئەمە نیشانەی ئەوەیە كەرەسەی دەستی ئەوان نیم چۆن حەزیانكرد بەكارم بێنن. نە ئەوەیە كەرەسەی دەستی رووناكبیران بم و نە كەرەسەی دەستی كەنیسەم. مەگەر من سەربە KORم؟ من سەربە سۆلیندارنۆشم. ئێستا رەنگە پرسیارم لێبكەیت هەموو ئەو مامۆستا، راهێنەر، پسپۆرانەم بۆ خۆم راگرتوە، وایە؟ لەبەرئەوەیە ئەگەر ئەوان بخەینە دەرەوەی یارییەكەوە، وەك مشكەكوێرە ژێرزەوی هەڵدەكۆڵن و بە تونێلێك بەئێرە دەگەن. باشتروایە بڵێم فەرمون، بەشداربن! جگەلەمە هەموو ئەم كەسانە كەسانێكی زیرەكن و كەسانی زیرەك بەكەڵكن. كەوایە باشتر وایە هیچ گرێیەكم بەرامبەر بەوان لەدڵدا نەبێت. من خۆم رقم لێیان نییە. دەزانی بۆ؟ لەبەرئەوەی رووناكبیرەكان بۆ تێگەیشتن لە بابەتێك كاتی زۆر دادەنێنو لەوەش زیاتر، كاتی زۆر دادەنێن بۆ بڕیاردان و زۆرجار بڕیارەكانیان لاوازە.

رووناكبیرەكان كەسانێكی سەیرن. زۆرجار مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێت چەندە زیرەكن. دادەنیشن، دەكەونە باس و گفتوگۆوە، دوای پێنج كاتژمێر بە هەمان ئەنجام دەگەن كە من لە پێنج خولەك یان پێنج چركەدا پێی گەیشتوم.

- **ئەی چی دەڵێیت دەربارەی حكومەتی پۆڵەندا؟ من بەردەوام ئەم پرسیارەم بۆ دێتە پێش چۆنە دەسەڵات ئیزنی داوە تۆ بە خێرایی بەم پلەیە بگەیت. رەنگە بۆ ئەوە بێت كەڵكت لێوەربگرێت؟ رەنگە بۆ مەشروعییەت دان بە خۆی و راكێشانی كەسەكان بێت؟ رەنگە بۆ راكێشان خەڵك بێت؟ رەنگیشە بۆ راكێشانی تۆ؟**

– نە، نە، نە، ئەوە نییە كە ئەم دەسەڵات و هێزە من رابكێشێت. بەلامەوە گرنگ نییە. ئەگەر بمویستبا هەر ئەو كاتەی كە هیچ كەس نەیدەناسیم ئەمكارەم دەكرد. دەرفەتی زۆر هاتەپێش. دڵنیابە لەمە. تۆ نازانی چەندجار پێشنیارم پێكرا. ئێستاش ئەگەر بمەوێت ئەمكارە بكەم هیچكات ئیزنی ئەوە نادەم بە خۆم وەها كارێكی ناشیرین و وەحشیانە بكەم. ئەگەر فیشەكێك بدەم لە مێشكی خۆم لەوكارە باشترە. كەسایەتی ئینسانەكان بەرزتر لە ژیان. با بزانیت ئیزنیان پێدام بەوەی كە گەشە بكەم لەبەرئەوەبوو هیچ رێگاچارەیەكیتریان نەبوو. ماناكەی ئەوەیە لە پۆڵەندا ... دەمەوێت بڵێم لە پۆڵەندا ئەوە بەس نییە ناوخۆی وڵات ببینیت، بەڵكو دەبێ راستییەكانی دەرەوەی وڵاتیش ببینیت. وڵاتێكین بەردەوام لە ژێر چاودێریداین. ئێستاش ناتوانم بڵێم بەهایەكی چەند دەبێ بدەین. دەترسم ئەم شتە بێ قوربانی كەوتنەوە بەئەنجام نەگات. خەڵك بەردەوام لێم دەپرسن ناترسیت بكوژرێت لێخ؟ وەك وەڵامی ئەوانیش هیچ كارێك ناكەم بۆ پاراستنی خۆم. هەندێ لەهاوڕێیانم هەوڵیان ئەوەیە پارێزگاریم لێبكەن و بە شوێنمدا دێن بەڵام ئەم كارە چ كەڵكێكی هەیە؟ ئێمە تەها بە چەك ناكوژرێین. هەندێجار باشتر لەناو بچین. ئەگەر بڕیار بێت رووداوێك رووبدات روو دەدات. ماناكەی ئەوەیە دەڕۆمە بەهەشت.

- **چەند دەخایەنێت؟**

– مەبەستت ئەوەیە ئەگەر نەمكوژن و ئەگەر هەموو شت بە باشی بڕواتە پێش؟ ئێ، بە پێی لێكدانەوەیەكی ناتەواو، لاموایە ئیتر لەمەو بەدوا كەوتومە سەرەولێژی. جا یان بەرەبەرە یان كوت و پڕ. هۆكارەكەشی دەڵێم. لەبەرئەوەی كەسێكی گونجاو نیم بۆ دۆخی ئاسایی. لەبەرامبەر یارییەكان و یاساكاندا چۆك دانادەم و وەها كەسێك نیم. زۆر ماندوم و ئازاری دڵیشم هەیە. ئەگەر بشێوی و ئاڵۆزی لە پۆڵەندا رووبدات خەڵك تورەییەكانی خۆیان بەسەر مندا خاڵی دەكەنەوە. هەر ئەوانەی كە هانم دەدەن و ئێستا پەیكەرەم لێ دروست دەكەن بەردەبارانم دەكەن و دەمدەنە بەر شەق و لەقە. ئەگەر زۆر زرینگ و خۆبەزلزان بم سمێڵم دەتاشم و دەگەڕێمەوە بۆ كارگە. تا ئەوكاتەی پێویستییان پێم بێت ئەمكارە ناكەم. ناتوانم و نابێ بڕۆم. لەبەرئەوەی دوای من دۆخەكە بەردەوام ئاڵۆزتر و پڕكێشمەكێشتر دەبێت و زیاتر زەرەر دەكەین. هەربۆیە دەبێ هەر لەو شوێنەی ئێستام بمێنمەوە، خەبات بكەم و ئاگرەكان وەك پۆلیسێكی ئاگركوژێنەوە بكوژێنمەوە.

- **كەنارییەك بەخێو بكەین كە باش بخوێنن... سوپاس لێخ! سەركەوتو بیت لێخ!**

– من سوپاسی تۆ دەكەم. لە قوڵایی دڵمەوە سوپاست دەكەم. ئەو چەند كاتژمێرێكی خۆشمان بوو پێكەوە. هەرچەند هەمدیسان سەرم دایەوە ئێش. بەمیهرەبانییەوە لەگەڵم قسەت كرد و ئێستا باوەڕ بەو شتانە ناكەم كە دەربارەی تۆ پێیان وتوم... تۆ بیرۆكەی زۆرت پێدام بۆ بیركردنەوە! هیچكات لەبیرت ناكەم و ئەگەر ئیدارەی سانسۆری پۆڵەندا ئیزن بدات كتێبەكانت چاپ بێت، كتێبەكەت دەخوێنمەوەو ئەمە یەكەم كتێبی ژیانی من دەبێت. یەكتر دەبینینەوەو ئەگەر بڕۆمە بەهەشت جێگات بۆ دەگرم و بەم شێوەیە باس لە گەنمێك دەكەین كە لە سەر بەرد سەوز دەبێت.

**سەرچاوە: گفتوگۆكانی ئۆریانا فالاچی.**